# ئەوەی تێكۆشاوە . بۆ دواوە!( (

كاوێز مەلاپەروێز

قۆناغێكە رێیەكی درێژی بریوە، هاتوە گوایە من رۆژنامە نووسم بەقەولی خۆی (سەحەفی) لە رۆژنامە بەزمانی ئەو (جریدە) نوسین بلاو دەكەمەوە، هاتووە بەرۆكی گرتووم كە شتێك لەسەر ژیانی پر لەموعاناتی بنوسم، پێم دەڵێت:

ژیانێكی پر زاحمەتم گوزراندوە تكایە وەفریام كەوە لەسەر تێكۆشانم، ئەو زولمەی دەرهەقم كراوەو دەكرێت، زەوی زەوتكراوم، بەهەردەردانی پاشەرۆژی مندالەكانم، چشتەكم بۆ بنووسە ؟بەلكو بەرپرسان ئاورێكم لێبدەنەوە؟

گووتم:

برالە هەرچی دەنووسی بێكەلكە، كێ هەیە بخوێنێتەوە ؟كێ ..............كێ تا دوایی ؟

زۆری كۆشا كە دلی نەشكێنم، ئەو لە پەرێشانی نالەو ئازاری بێ ئومێدی، بێ ئومێدی بۆ ئایندەو پەشیمانی لەسالانی خەباتی رابردووی هانای وەبەر هێناووم، دوای هەست راگرتن لە ئازارەكانی زانیم هەمان دەردە كە زۆرانێك لەو پالاوانانەی رۆژانی قۆناغی سەخت وتێكۆشان دووچاری بوونە، بۆیە گوتم:

برا من دەنوسم لێ بروا بهێنە ئەوەی دەیخوێنێتەوە وەكو من بێ دەسەلاٌتە، ئیستاش كاتی بەرچاو خستنی ئەو بابەتانە نیە چونكی دەستروێشتوان لەم كاتانەدا مەشولی ئاودیوكردن و بازرگانین بە فرۆشتنی سامانی ئەم خاكە، ئەوەی دی ئەگەر لەگۆشەیەكەوە چاوی لە بابەتی وەها بێت ئاهێك هەموو دەسەلاٌتیەتی ؟!

پەیمانی لێستاندم كە بنوسم لەسەر ئەو دەردە بەربلاٌوە دەردێك كە لەدەردی ڤایرۆسی سارس گرانتر تەنها بۆ خەلكانی خەباتگێر سەركردەی پارتەكان چاورێی رەحمەتی خواو كەرەمی ئەمەریكا دەكەن بۆیە هاو خەباتی بەرێزم نە بەنووسینی من نەش بەنزای من چارە دەكرێت، ئەوەی تۆ سالاٌنێك بۆی كۆشای زاحمەتت لەپێناو دیت ئەمرۆ با كوری تۆ فەراشی بەردەرگای كورە بەعسیەك، كورە جاشێكی كورد فرۆش، بێت.

نەپێكی شادمانی تاسەر بوەو نەش مەینەتی ئەوەی دەیەوێ بازی دونیا بباتەوە دەبێ وەكو حەلاٌج سەری لەپێناو راستی دانێ.

K_mlaprwez@yahoo. com